بێلایەنی پیشەیی و سەربەخۆیی کوردستان

# میدیا

خاوەن ئیمتیاز
غەفوور مەخمووری

سەرنووسەر
کاوە نادر قادر
sapankawa@yahoo.com

رۆژنامەیەکی سیاسی هەفتانەیە، یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانYNDKدەریدەکات

ژمارە (٤١٩) ٢٠١٠/١/١٣ ٢٢ی بەفرانبار ٢٧٠٩ ٧٥٠دینار


ئالان عەبدولڕەحمان



له ئاوارەییدا پاڵەوانی کاراتێی لە شاری مۆسکۆ بەدەستهێنا...ل١٥

هیوا ناسیح :



دەمانەوێت ئەو مافانەمان هەبێت کە نەتەوەکانی تر بەدەستیان هێناوە..ل٧

جەواد مەلا :

# دەسەڵاتی باشووری کوردستان بایەخ بە هێزە نەتەوەییەکانی کوردی نادات



**میدیا-تایبەت**

**جەواد مەلا سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی رۆژئاوای کوردستان لە تاراوگە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە (سایکس بیکۆ) زەوی کوردستان و حزبە کوردییەکانیش خەڵکەکەیان دابەشکردووە و دەڵێت "دەسەڵاتی باشووری کوردستان هێزە نەتەوییەکانی کوردی پشتگوێ خستووە".**

جەواد مەلا کەسایەتی ناسراوی نەتەوەی کورد، سەرۆکی حکومەتی رۆژئاوای کوردستان لە تاراوگە، لەمیانەی هەڤپەیڤینێکیدا لە تەک (میدیا)، باس لەوە دەکات کە لە کوردستان کەسایەتی و هێزە نەتەوەییەکان پشتگوێ خراون و دەڵێت «سەرکردایەتی باشووری کوردستان گوێ لە هێزە نەتەوەییەکانی کورد ناگرێت». لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا جەواد مەلا رایدەگەیەنێت کە بەهۆی ململانێی حزبەکانی کوردستانەوە نەتوانراوە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردی ساز بکرێت. ئەو قسانەش رەت دەکاتەوە کە دروستکردنی دەوڵەتی کوردی بە خەونی شاعیرانە لە قەڵەم دەدەن و لەوبارەیەوە گوتی «دەوڵەتی کوردی خەونی شاعیرانە نییە، خەونی شاعیرانە ئەوەیە کە ژەنراڵەکانی تورک، مەلاکانی ئێران، بەعسییە فاشیستەکان بکەین بە دیموکرات». جەختیش لەوە دەکاتەوە کە ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، تەنانەت ماف بە هاوڵاتییانی خۆیان نادەن، چ بگا بەوەی کە مافی نەتەوەی کورد بدەن. جەواد مەلا ئەوەش دووپات دەکاتەوە کە «پەیماننامەی سایکس بیکۆ زەوی کوردستانی کرد بە چوار پارچە، بەڵام حزبە کوردییەکان خەڵکەکەیان کرد بە سەد پارچە». بە سەرسوڕمانیشەوە پرسیار دەکات کە کورد بۆچی داوای سەربەخۆیی ناکات؟ «پیاوێک زلەیەک لە ژنەکەی بدات، داوای تەڵاقی لێدەکات، عەرەب نیو ملیۆن مرۆڤی ئێمەیان کوشتووە کەچی کورد داوای تەڵاق ناکات».

سەرۆکی حکومەتی رۆژئاوای کوردستان ئەو رایە رەتدەکاتەوە کە دەڵێت کاتی باسکردنی سەربەخۆیی کوردستان نەهاتووە و دەڵێت «هەزاران دەوران هاتووچوو، کورد هەر دەڵێت زەمینەی دەوڵەتی سەربەخۆ دروست نەبووە».

لە بەشێکی دیکەی هەڤپەیڤینەکەدا جەواد مەلا ئەو بۆچوونە کە دەڵێت ئەگەر بەغدا دیموکرات بێت، کورد مافی خۆی بەردەکەوێت، بە «درۆیەکی مەزن» ناودەبات و نموونەی چەند دەوڵەتێکی دیموکراتی دەهێنێتەوە کە گەلانی ژێردەستی خۆیان دەچەوسێننەوە.

**دەقی هەڤپەیڤینەکە لە لاپەڕەی ٩ بخوێنەوە**

بۆئەوەی بودجە بۆ پڕوپاگەندە بەکارنەهێنرێت

# پەسەندکردنی بودجەی کوردستان دوا دەکەوێت

**ئازاد مەحمود - هەولێر**

پەسەندکردنی بودجەی گشتی عێراق بۆ مانگی داهاتوو دوادەخرێت، پەرلەمانی کوردستانیش چاوەڕوانی دوا ژمارەی بەشی کوردستان دەکات، پێشبینیش دەکرێت لە ماوەی مانگی داهاتوو هەریەکە لەپەرلەمانی عێراق و کوردستان کۆتایی بە پەسندکردنی بودجە بهێنن.

ئەکرەم قادر ئەندامی لێژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق بە میدیای راگەیاند «پێشبینی دەکرێت پەسندکردنی بودجەی گشتی عێراق دوابخەن، بۆ ئەوەی پەرلەمان بتوانێ لەکاتی ئاسایی خۆیدا چەند پرۆژەیاسایەکی تر پەسند بکات، چونکە بەپەسندکردنی بودجە پەرلەمان راستەوخۆ دەچێتە ناو پشوو، ناتوانێ کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجام بدات».

هەروەها سامی ئەتروشی ئەندامی لێژنەی دارایی گوتی «دواخستنی بودجە بۆ ئەوە نییە سوود لەماوەی ئاسایی پەرلەمان وەربگرین و هەندێک پرۆژەیاسای تر پەسند بکرێت، بەڵکو هەندێک لەلایەنەکانی ناو پەرلەمان پێیان باشە پەسندکردنی بودجە دوا بکەوێت بۆ ئەوەی حکومەت نەتوانێ بەمەبەستی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بەکاریبهێنێت. بۆیە لەژێر پەردەی پەسندکردنی یاسا ئەو لایەنانە دەخوازن بودجە دوابکەوێت و هەندێک لایەن سوود لەو بودجەیە وەرنەگرن بۆ هەڵبژاردن».

لەلایەکی دیکەوە دلێر مەحمود ئەندامی لێژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان گوتی»هەرچەندە تاکو ئێستا پرۆژەیاسای بودجەی هەرێم لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە نەگەیشتووەتە پەرلەمانی کوردستان، بەڵام لەکاتی گەیشتنی ئەو پرۆژەیە پەرلەمان ناتوانێت پەسندی بکات، تاکو دوا ژمارەی بەشی هەرێم نەزاندرێ و لە پەرلەمانی عێراق پەسند نەکرێت».

د. ئیسماعیل شوکر جێگری سەرۆکی لێژنەی دارایی لە پەرلەمانی ئێراق ئاشکرای کرد بە گوێرەی رێککەوتنێک لە نێوان کوتلە سیاسییەکانی ناو پەرلەمان و سەرۆکایەتی پەرلەمان لە هەفتەی داهاتوو سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەن ئامادەی کۆبونەوەکان دەبن». گوتیشی «بڕیارە لەهەفتەی داهاتوو ئەو پرۆژەیاسایانەی ماون و خوێندنەوەی یەکەم و دووەمیان بۆ کراوە، پەسند بکرێت، لەوانە هەردوو پرۆژەیاسای بودجەی قەزا و بودجەی ئەنجومەنی نوێنەران و بودجەی گشتی عێراق، هەروەها چەند پرۆژەیاسایەکی تر کە ئامادەکراوە بۆ دەنگدان یەکلادەکرێتەوە».

ئەگەر بودجەی گشتی عێراق بۆ ساڵی ٢٠١٠ پەسند بکرێت، نزیکەی ٨٣ ترلیۆن دینارە و بەشی کوردستان وەک ساڵانی رابردوو ١٧٪ ە، کە دەکاتە نزیکەی ١٠ ترلیۆن دینار.

عوسمان بانیمارانی:

# هەرکەسێک لەسەر گۆڕان و کەسە دیارەکانی بنووسێت وەڵامی دەدەینەوە

**بەهمەن عومەر-هەولێر**

هەڵمەتێکی هەمەلایەنە بۆ هێورکردنەوەی گرژیی نێوان یەکێتی و گۆڕان دەستی پێکردووە، (عوسمان بانیمارانی)یش، جەخت لەوە دەکاتەوە کە سەرۆکی کوردستان بەدواداچوون بۆ «ئەو تیرۆرە سیاسییە» بکات.

دوای بڵاوکردنەوەی دەقی قسەکانی جەلال تاڵەبانی سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە راگەیاندنەکانی ئەو حزبە، کە راستەوخۆ هێرشی توندی کردووەتە سەر نەوشیروان مستەفا، دواتر نەوشیروان مستەفا وەڵامی قسەکانی جەلال تاڵەبانی دایەوە. دوابەدوای ئەوانەش بارگرژییەکی توند لە نێوان ئەو دوو لایەنەدا دروست بوو، بە جۆرێک کە بەتوندی کەوتنە هێرشی راگەیاندن لە دژی یەکدی، بەڵام لە ئێستادا لەچەند لایەکەوە هەوڵی هێورکردنەوەی بارودۆخە کە دەرێت، لەو سەروبەندەدا، مەسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان لە رۆژی ٢٠١٠/١/١٠ سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی باڵای پارت و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی کرد و لەو کۆبوونەوەیەدا چەند راسپاردەیەکیان خستەڕوو، لەوانە راگرتنی شەڕی راگەیاندن و پێکهێنانی لیژنە بۆ بەدواداچوون بۆ روداوەکانی چەند رۆژی رابردوو لە سلێمانی و هاوکات چارەسەرکردنی کێشەی «نان براوەکان».

لەو بارەیەوەی عوسمان بانیمارانی لە سەرکردایەتی گۆڕان بۆ (میدیا) گوتی «ئێمە هەموو هەوڵێک بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخی شارەکانی کوردستان بەئیجابی دەزانین». هۆشداری ئەوەشی دا کە «ئەوە تەنیا قسە نەبێت و بەڵکو کرداری راستەقینەی بەدوادابێت». بەبڕوای ئەو بوونی «تیرۆری سیاسی» لە کوردستان کارێکی خراپەو «لە بەرژەوەندی سومعەی کوردستاندا نییە و کارێکی نامرۆڤانەیشە».

هەرچەندە یەکێتی بوونی تیرۆری سیاسی رەتدەکاتەوە بەڵام بانیمارانی سوربوو لەسەربوونی ئەوە کە «تیرۆری سیاسی لە کوردستان دەستی پێکردووە و جۆری دەستدرێژییەکان خۆی ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە». بە بڕوای ئەو بەپلەی یەکەم «سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەرپرسە لە رێگرتن لەو بارودۆخە و نەهێشتنی تیرۆری سیاسی و پاراستنی ئاسایشی کوردستان».

عوسمان بانیمارانی سەبارەت بە راگرتنی هێرشی راگەیاندن گوتی «ئێمە ئەوەی کە تائێستا کردوومانە تەنیا، وەڵام دانەوە بووە و هێرشمان نەکردووە، تەنیا وەڵامی تۆمەتەکانمان داوەتەوە، لە داهاتووشدا هەرکەسێک شت لەسەر بزووتنەوەی گۆڕان و کەسە دیارەکانی بزووتنەوەی گۆڕان بنووسێت ئێمە وەڵامی دەدەینەوە».

سۆزانی خاڵە شەهاب سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانی لە پەرلەمانی کوردستان (لە سەر لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان) رەتیکردەوە کە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی باڵای پارت و لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا باس لە هەڵمەتی راگەیاندن بە تەنیا لە نێوان یەکێتی و گۆڕاندا کرابێت، لەمبارەیەوە گوتی «بەشێوەیەکی گشتی داوا کرا هەڵمەتی راگەیاندن رابوەستێت و ئەو پاشاگەردانییە کە لە نێو راگەیاندندا هەیە، نەمێنێت چونکە بەرەو هەڵبژاردن دەچین».

سەبارەت بەبوونی تیرۆری سیاسی لە شاری سلێمانی، سۆزان شەهاب گوتی «لیژنەیەک بەسەرۆکایەتی وەزیری ناوخۆ بۆ ئەو بابەتە پێکهێنراوە، ئەوان بەدواداچوون بۆ راستی و ناڕاستی ئەو بابەتە دەکەن»، بەڵام بەبڕوای ئەو لە کوردستان کێشەی کۆمەڵایەتیش هەیە کە زۆرجار تەقەکردن و کوشتنی لێدەکەوێتەوە کە نابێت تێکەڵ بە رووداوی سیاسی بکرێت.

هەروەها سۆزان ئەوەی نەشاردەوە کە گرژی لە نێوان بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی نیشتمانیدا هەیە و گوتی «بمانەوێت، یان نا، گرژی لە نێوان یەکێتی نیشتمانی و گۆڕاندا هەیە، ئەوەش ناشاردرێتە و پێویستی بە هێور بوونەوەش هەیە».

بەغدا داوای دادگایی کردنی دەکات

# کوردستانیش فەوج بۆ کوڕی خالیدی خولە سوور دەکاتەوە

**بەهمەن عومەر_سلێمانی**

یەکێتی فەوجێک بۆ خالیدی خولە سوور دەکاتەوە و شاهۆی کوڕی خالیدیش دەبێتە ئامرفەوج. شاهۆ هەواڵەکە پشتڕاست دەکاتەوە و شێخ جەعفەریش دەڵێت «من ئاگادار نیم و زەمانی فەوج کردنەوەش نەماوە».

خالیدی خولە سوور کە یەکێکە لە ناسراوترین مستەشارەکانی رژێمی پێشوی ئێراقە لە پارێزگای سلێمانی، هاوکات یەکێکە لە تۆمەتبارانی کەیسی ئەنفال و لە دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق داواکراوە، لە هەڵبژاردنی پێشوودا رایگەیاند کە کار بۆ لیستی گۆڕان دەکات، بەڵام لە ئێستادا بڕیارە یەکێتی نیشتمانی کوردستان فەوجێکی سەربازی بۆ بکاتەوە، بەپێی زانیارییەکانی (میدیا) ئەو فەوجە لە هەزار کەس پێکدێت و سەربە فەرماندەیی گشتی پێشمەرگەی یەکێتی دەبێت. لەو بارەیەوە (میدیا) پەیوەندی کرد بە خالیدی خولە سوورەوە، ناوبراو گوتی «من پیاوێکی عەشایەرم و پەیوەندیم بەهێزی چەکدارەوە نییە، وازم لەوشتانە هێناوە، ئەوە لە شاهۆی کوڕم بپرسن».

هەر لەو بارەیەوە شاهۆی کوڕی خالیدی خولە سوور لە لێدوانێکیدا بۆ (میدیا) هەواڵەکەی پشتڕاست کردەوە و گوتی «ئەو هێزە لەهەزار کەسێک پێکهاتووە وەک هەر هێزێکی دیکەی پێشمەرگەش سەر بەفەرماندەیی گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەبێت». گوتیشی «هەموو پێشمەرگەکانی ئەو هێزە لە عەشیرەتی غەوارە پێکدێت و من بەرپرسی ئەو هێزە دەبم و خۆم جێگر و پلەدار و هەیکەلی گشتی هێزەکە دیاری دەکەم». ئەو کوڕەی خالیدی خولە سوور گوتیشی «ئێمە بنەماڵەیەکی یەکێتین، راستە ئەم دواییانە هەندێک کێشە روویدا، بەڵام ئێمە هەر یەکێتین و پەیمانی خۆمان تازە کردووەتەوە بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان»

لای خۆیەوەی شێخ جەعفەر مستەفا وەزیری پێشمەرگە بێئاگایی خۆی لە دروستکردنی وەها هێزێک پیشان دا و گوتی «ئاگام لەو هێزە نییە، چ وەک وەزارەتی پێشمەرگە و چ وەک فەرماندەیی گشتیش دروستکردنی هێزی وا لە بەرنامەماندا نییە». وەزیری پێشمەرگە گوتیشی «نەک هەزار ناو ١٠هەزاریش بنووسێت هیچ هێزێک بۆ کەس دروست ناکرێت، چونکە زەمانی هێز دروستکردن نەماوە».

هەر لەو بارەیەوە قادر نادر ئەندامی دەستەی کارگێڕی رێکخراوی کوردۆساید (چاک) گوتی «خالیدی خولە سوور یەکێکە لە تۆمەتبارەکانی کەیسی ئەنفال لە لایەن دادگاوە داواکراوە، دەبێت دادگایی بکرێت، نەک هێزی بۆ بکرێتەوە». قادر نادر گوتیشی «ئەو مستەشارە پێشتریش کە دەیگوت گۆڕانم و ئێستاش کە یەکێتی هێزی بۆ دروست دەکات، ئێمە هەر داوای بەدادگایی گەیاندنیمان کردووە و دەیکەین». بە بڕوای ناوبراو دروستکردنی فەوج بۆ ئەو مستەشارانە «شەرمەزارییەکی گەورەیە بۆ هەر کەسێک ئەو کارە بکات».

شایەنی باسە بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (میدیا) کەوتوون، بەشێک لەو کەسانە ئێستا لەو هێزەدا دەیانەوێت کار بکەن کە پێشتر لە سەردەمی رژێمی پێشوو لە فەوجەکەی خالیدی خولە سووردا بوون.

تاوەکو هەولێر و بەغدا رێک نەکەون

# وەزارەتی بەرگری ئێراق بودجەی پێشمەرگە دابین ناکات

**ئازاد مەحمود - هەولێر**

یەکێک لە کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا خەرج نەکردنی بودجەی پێشمەرگەیە لەلایەن وەزارەتی بەرگری ئێراقەوە، بەڵام چاودێران ئاماژە بەوە دەکەن کە تاکو ژمارەی پێشمەرگە دیاری نەکرێت، ئەو پارەیە خەرج ناکرێت، ئەمەش وەستاوەتەوە سەر رێککەوتنی سەرۆکی کوردستان و سەرۆک وەزیرانی ئێراقی فیدراڵ.

جێگری سەرۆکی لێژنەی دارایی و ئابووری لە پەرلەمانی ئێراق بۆ میدیا گوتی «بەپێی یاسای بودجە بێت لەماددە (١٦) برگەی (٢)باس لەوە دەکات حکومەت و وەزارەتی بەرگری ئێراق پابەند دەبێت بە دابینکردنی بودجەی هێزی پێشمەرگە و هێزی پاسەوانی سنوور و کە بە بەشێک لە هێزەکانی بەرگری ئێراق ئەژمار دەکرێت، دەبێت حکومەتی ئێراق و وەزارەتی بەرگری سەرجەم خەرجییەکانی لە جلوبەرگ و پێداویستی سەربازی دابین بکات، بەڵام پاش رێککەوتنی نێوان سەرۆکی کوردستان و سەرۆک وەزیرانی ئێراق لەسەر ژمارەی پێشمەرگە».

د. ئیسماعیل شوکر گوتیشی «چوار ساڵە بودجەی ئێراق بەم شێوەیە پەسند دەکرێت لەپەرلەمانی ئێراقەوە، تائێستا سەرۆکی هەرێم لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی ئێراق نەگەیشتووەتە رێککەوتنێک لەسەر ژمارەی پێشمەرگە و خانەنشینکردنی هێزی پێشمەرگە، بۆیە ئەم ساڵیش بودجەی هێزی پێشمەرگە بەم شێوە پەسند دەکرێت». ئەوەشی رەت کردەوە کە دابینکردنی بودجەی هێزی پێشمەرگە رێگر بێت لە پەسندکردنی بودجەی ساڵی٢٠١٠ .

